

# ژوورێک بە پەردەی سوورەوە

چیمەن سانیار
(بۆکان)

سیواد و پانتاییی شار لە باڵکۆنی ژووری خەوەکەتڕا بووەتە دیمەنی تابلۆیەک و لەبەر دیدەت هەڵواسراوە، وەها نوقمی بەرزونزمیی بیناکان بوویت، دەڵێی لەگەڵ مژلێدانی سیگارەکەت، هەموو شار هەڵدەمژیتە نێو سییەکانت. چاو بە سێکوچکەی شاردا دەگێڕیت و لەوەی کە لە هەموو گۆشە و کەنارەکان خاوەنی موڵک وماڵیت، بزە دەنیشێتە سەر ڕوخسارت.

دەنگی ئەو بوو لە مێشکتدا دەزرینگایەوە؛ «لە کوێ مردووت نێژرابێت، ئەوێ خاکی تۆیە.» دەڵێیت قسەکەت بە شەکر دەبڕم؛ «لە کوێ موڵکت هەبێت خاکی تۆیە و غەریبیت لێی شکاوە.»

دەستت لە ملی کردبوو؛ «بە قوربانی خوشکی خۆم دەبم، ئێمە بەخێر ئاوەڵدوانەین، ئەوەتا بیروباوەڕیشمان وەک ڕەنگمان لێک جیاوازە.»

گوتبووی؛ «هاودەنگی فرەڕەنگی و فرەدەنگیتم.»

پێکەنیبوون و بێ ئەوەی حەمێت (بایەخ) بە خێسەخێسی هەژار بدەیت، زیاترت قاقا کێشابوو.

شووشەبەندەکە دەکەیتەوە و دەگەڕێیتەوە دیوی خەوەکەت... ڕەنگی فەرشە شەڕابییەکە لە ئاوێنەکانی چواردەوری دیوەکەتدا ڕەنگێکی گەرموگوڕ دەدەڵێنێتە پەردە سپییە ساردوسڕەکە. تیشکی ڕۆژ لە پەنجەرەی هۆڵەکەوە، سێبەری خستووەتە سەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکە، بێجگە لە دەنگی هەواڵنێرەکە، کە خۆ بە دالانی گوێچکەکانتدا دەکات، هیچ دیمەنێکیت بۆ ڕوون نییە؛ «زێڕ

و دراو دوای وەستانێکی کورت، جارێکی تر بەرز دەبنەوە.››، هەواڵەکەت بە دڵە و کۆنترۆڵەکە دەست دەدەیتێ و دەتەوێت لە کەناڵەکانی تریشەوە گوێبیست بیت، زەنگی ئایفۆن بەرز دەبێتەوە؛ دەموچاوی ڕێک لە ناوەڕاستی کامێراکەی دەردەکەوێت.

بە خۆت دەڵێیت؛ ‹‹ڕۆژ لە کامە لاوە هەڵاتووە؟›› لەو ڕۆژەوەی بەسەر هەراوزەنایاندا چووبوویت، لێت نەبانە.

گوتبووی؛ ‹‹بۆ بێدەنگیت و هیچ ناڵێیت؟››

ویستبووت بڵێی؛ با لەوەی درەنگتر نەبێ، ژیانێک ئارامیی تێدا نەبێ، لێک هەڵوەشانەوەی چاکترە، بەڵام قسەکەت خواردبۆوە.

هاتیتە نێو چوارچێوەی دەرگاکە و شان بە لاشیپانییەوە دەدەیت. جارێکی تر کۆنترۆڵەکە دەست دەدەیتێ، گوێت لە تەقەتەقی کەوشە پاژنەبەرزەکانیەتی، شل شل بەو پێپلیکانانەی نهۆمی سەرەوە و خوارەوە پێک دەبەستێتەوە، وەسەر دەکەوێت. دوگمەی کۆنترۆڵەکە سەروخوار پێ دەکەیت و دوای چرکەیەک دەوەستیت؛ شرۆڤەکارێکی بازاڕی سەرمایەی ئێران دەڵێت؛ ‹‹پێویستە خەڵک وردە وردە لە پاشەکەوتەکانیانەوە وەبەرهێنان لە بازاڕی بۆرسەدا بکەن، نەک...›› تۆزێک دەنگی تەلەڤزیۆنەکە کز دەکەیت؛ ‹‹دەبێ چی پەلکێشی کردبێتە ئێرە؟››

ئەو پرسیارە بووبووە ئاهەنگێک و هێشتا لە زەینتدا لەریبۆوە، کە گەیشتبووە بەرانبەرت. خۆی پێ ڕانەگیرابوو، بەر لەوەی وەعەرز کەوێ، دەستت وەبن پیلی دابوو و داتنابووە سەر کورسییەک. بەپرتاو لیوانێک ئاوت دابووە دەستی. لە دڵی خۆتدا گوتبووت؛ ‹‹تەنیا زەردوویی دەتوانێ، ڕەنگی ڕوخساری وەها زەرد هەڵگێڕێت!››

ئۆنس و دۆلار بە یەک ئاراستەدان، ئەوەش تێکەڵەیەکی مەترسیدارە، کە واز لە زێڕ ناهێنێ!

دەنگی تەلەڤزیۆنەکەت کز کرد.. لەو بێدەنگییەدا، دەنگی لە مێشکتدا بووبوو بە گرکان و تەقیبووەوە؛ ‹‹کوشتم.››

ئاهەنگی وشەکەی و تەق بەربوونەوەی لیوانەکە و... وشەی ‹‹کوشتم›› بووبوو بە درووی لە ئازای ئەندامت ڕۆ چووبوو.

تۆ گوتبووت؛ ‹‹مرۆڤ چەندە جێی بەزەییە، کاتێک توورە دەبێت، ئاگای لە خۆی نامێنێت؟›› کە ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی دابوویەوە؛ ‹‹کاتێک هەمیشە لەشەڕ دایت، کێ دەتوانێت ئاگای لە خۆی بێت؟››

گوتبووت؛ ‹‹شەڕمان هەیە تا شەڕ!››

پێکەنینی پێت هاتبوو؛ ‹‹شەڕ هەر شەڕە، چ بۆ پاراستنی جەستە بێت، چ بۆ پاراستنی ڕۆح و چ بۆ پاراستنی فکر.››

واقوڕماو تاسێک بە سەرتدا هاتبوو، ئەژنۆی پێ نووشتاندبوویەوە. هەستت بە تەزینی سەرت کردبوو.

ڕاتوەشاندبوو؛ ‹‹چۆن کوشتت؟››

ترسابوویت و سەرلێشێواو نەتزانیبوو دەبێت چ بکەیت؟ بیر و هۆشت بۆ کۆ نەبووبۆوە.

گوتبووت؛ ‹‹وەڕەز نەبوون لەو هەموو هەڵلاوهەنگامەیە؟ بۆ لێک جیا نابنەوە؟››

نا، نا، نەتگوتبوو جیا ببنەوە، چەند جار پێی گوتبوویت؛ ‹‹ناتوانێ دڵی لێی هەڵقەنێ!›› گوتبووت؛ ‹‹کوا ئەو ژیانە بایی ئەوەیە، هەمووی بە ناخۆشی و دڵشکان تێپەڕێ؟››

قامکە لەرزۆکەکانی لەناو قژی لاجانگی هاڵاندبوو...

‹‹دەتوانن وەک کەڵەبابی لادێ بەردەوام پێک هەڵپرژێن، کەچی نازانن مرۆڤ خۆی سارێژکەری

هەمـوو ئازارەکانـی مرۆڤـە!››

چـاو و زەینـی ئاڵـۆزت داگیرسـاندنی سیگارەکەی لـێ شـاردبوویەوە، هەتـا لـە لەپـی دەسـتیدا نەیکوژاندبـۆوە و گرێـی نێوچـاوان و گەسـتنی دەمولێوی نەکردبـووە یـەک، وەخـۆ نەهاتبوویتەوە.

‹‹پێم ناڵێیت چۆنت کوشـت؟››

لەسـەر کورسـییەکە خزابـووە خـوارێ و خـۆی زیاتـر وێـک هێنابـۆوە: ‹‹نازانـم!... هـا... چۆنـم کوشــت؟... نازانـم!... کوشـتم... هـا... خـۆ دەمێـک بـوو هـەر دەیگـوت دەتکـوژم؟››

چاوەکانــی کــز و چکۆلەتریــان نواندبــوو، وەک بیەوێـت لـە ڕەشـکێنەی چـاوی تـۆدا سـاتەکانی بپشـکنێت، تێیانـدا گەڕابـوو.

ملـت بـۆ لەقاندبـوو و هەسـتابوویتە سـەر پـێ، چەنـد هەنـگاو بـە دەوری خۆتـدا سـووڕابوویەوە.

‹‹دەبێ چ بکەین؟››

گوڕاندبـووت: ‹‹ئـەوە ماڵـە، یـان بـازاڕی شـام! خـۆ وشـتری بـە بـارەوە تێـدا ون دەبـێ.››

شـەقاوت بەسـەر ئـەو کەلوپەلانـەدا هەڵهێنابـۆوە کە لـە ناوەڕاسـتی ژوورەکەدا پەرشـوبڵاو بووبوون، لـە داخـان بـەری چـاوت تاریـک بووبـوو و بـەری پێـی خۆتـت نەبینیبـوو، وەک زلکوێـر نووکـی قامکـە گـەورەت لـە تیغـەی دیـوار کوتابـوو، بـە کوتنـی ئـەی باوکـەڕۆ وەجنێـودان کەوتبوویـت.

بێ هەستوخوست خـۆی لـە پەسـیوێک گرمۆڵـە کردبـوو، کـە گوێـت لـە دەنگـی لـەرزۆک و نزمـی بووبـوو، کـە داماوانـە گوتبـووی: ‹‹هـەزار سـیگارێکیش بـۆ مـن داگیرسـێنە!›› وات وێنـا کردبـوو: ترسـی لەدەسـتدانی وەک مۆتـە بـە گەروویـەوە نووسـابێت!

لـە پاڵییـەوە هەڵترووشـکابوویت، خوێنـی دەڵەمەبەسـتووی لالێویـت، لەنێـو دووکەڵـی سـیگارەکەیدا، لـێ ون بووبـوو.

گوتبـووت: ‹‹دەبـێ فرۆیـد زینـدوو بێتـەوە و چـارەی شـێواویتان بـکات، تـێ مـاوم چیتـان پـێ بڵێـم...››

بـە گڕیـدا هاتبوویـت: ‹‹ئـەو سـیگارە لابـە، قانگـت دام!››

پەنجـەی وەک شـانە بەنێـو قژەکانیـدا کردبـوو، پۆلێکـی قـژ لەگـەڵ دەسـتی هێنابـووە خـوارێ... مژێکـی قووڵتـری لـێ دابـوو: ‹‹سـێ ڕۆژە ڕەنگـی یاسـیم لـە قـژم داوە...››

قـژە ئاڵۆزەکانـی بەپێچەوانـەی قـژە خاوەکـەی جارانـی، کـە وەک خەیـات بـە ناوەڕاسـتی پشـتیدا شـۆڕ بووبـۆوە، هـەر تاڵـەی دەسـتە و نـەزەری خودایـەک بـوو، لـە کۆتوبەنـدی جەسـتە ڕزگاری بـکات...

‹‹کەچـی چووینـە سـەر شـایی و هاتینـەوە، کردوویەتییـە بـەزم: بـۆ منـت پـێ پیـاو نییـە، ڕەنگـی سـەری ژنانـی دیسـکۆت لـێ داوە.››

قیژانـدم: ‹‹سـێ ڕۆژە بـەو ڕەنگـە قـژەوە لـە بەرچـاوت دێـم و دەچـم، خـۆ کوێـر نەبوویـت، گوتبایـەت بـا گۆڕیبایـەم!... ئێسـتا بیانـووی چیـم پـێ دەگریـت؟ لێـی چوومـە پێشـێ، ئەگـەر نەچوویـە دیسـکۆ، چووزانـی ڕەنگـی قژیـان ئاوەهایـە؟››

دەسـتی کـردە مسـتەکۆڵە: ‹‹مـن لـەو پیاوانـە نیـم سـەر بـە جێـی وادا بکـەم... قسـەی وا لـە مـن ناوەشـێتەوە. ئـەو قـژەی تـۆ بەسـەر کراسـی ڕەش و سـینگی سـپیتدا شـۆڕت کردووەتـەوە زیاتـر لـە...››

ئەسـتووری و ڕەشوشـین هەڵگـەڕاوی چـاوی، نەیانهێشـتبوو ڕوخسـاری ڕاسـتەقینەی بێتـەوە بـەر نـەزەرت!

گوتبـووت: ‹‹هـەر پێوەندییـەک ڕێـز و کەرامەتـی مرۆڤەکانـی تێـدا بشـکێ، سـەقەت و ڕزیـو و

گنخاوە.››

پاش برێک دوودڵی، ئەوجار گوتبووت؛ ‹‹لێک جیا ببنەوە!...››

چاوی لێ سوور هەڵگێڕابوویت و دەستێکی بە سمێڵیدا هێنابوو؛ ‹‹من عاشقی ئەفسانەم! مەگەر گڵ لێمی بستێنێ، ئەگینا هەتا ئەبەد لێی جیا نابمەوە...››

بۆی گێڕابوویەوە؟ نا، نا، نەیگێڕابۆوە!... خۆت بینیبووت لێی چووبووە پێشێ؛ ‹‹ئەفسانە گیان، بەڵێن دەدەم جارێکی تر دەستت بەسەردا هەڵنەهێنمەوە...››

ویستبووت هەڕای کەیتێ؛ ‹‹بە قەرا باڵات درۆ دەکەیت، چەند ساڵە لەو بەڵێنانە دەدەیت...›› ددانت بە جەرگتدا گرتبوو، قسەکەت گۆڕیبوو؛ ‹‹بچنە لای دەروونناسێک!››

قاقا پێت پێکەنیبوو؛ ‹‹خۆ کاکە ئێمە شێت نین!...››

دەتویست بپرسیت؛ بە چی گەیشتیت کە وا دەستت بۆ کوشتنی برد؟ بە پرسیارەکەت شەرم دایگرتیت، بێدەنگ بە نیگایەکی قووڵەوە تێی ڕامایت.

وەبالات کێشا، سەرەندەری لێ دەرناکەیت، ئەو هەموو ئازار و شکان و وێرانیی ڕۆحە، کوا لەژێر ناوی عیشق و خۆشەویستیدا جێی دەبێتەوە؟

وەدەنگ هاتبوو؛ ‹‹یارمەتیم بدە!››

خۆشی لە دڵت گەڕابوو؛ ئۆخەی ئەوە یەکەم جارە داوای یارمەتیت لێ دەکات، گوتبووت؛ ‹‹داوای یارمەتی خواستنیش خۆی ئازایەتی و لێهاتوویی دەوێت...››، پێت وا بوو ئەوە یەکەم داوی شلبووەوەی تەونە گەورەکەی ژیانێتی.. پێکەنینت بە شوبهاندنەکەت هاتبوو..

دەستی بۆ درێژ کردیت؛ ‹‹یارمەتیم بدە!››

گوتت؛ ‹‹پێم ناڵێیت چۆنت کوشت؟››

بە دەنگێکی لەرزۆک و بێهێز هاتە گۆ؛ ‹‹ماوەیەک بوو کە چاوم پێی دەکەوت، بۆنێکی ناخۆش ئاوقای ڕۆحم دەبوو، بۆنی هەناسەی.. بۆنی لەشی.. ئەشکەنجە و ئازارێکی گەورە بوو.. بەدرێژایی ژیانی هاوبەشمان هەستی وام نەبووبوو، هێڵنجم پێی دەهات.. من هێڵنجم پێی دەهات و ئەو زیاتر بە خۆییەوە دەگوشیم؛ تۆ گۆڕاوی، دەنا من هەر هەژارەکەی جارانم! ئەگەر دەڕشێیتەوە.. قەی ناکا.. هانێ لە ئامێزی خۆمدا بڕشێوە. دەتگوت جەرگ و دڵم کێبڕکێیانە بە دەممدا بێنە دەرێ.. ئەوجار باسکی شل دەکردەوە، هەردووک دەستم وەبەر دەمم دەدا و هەڵدەهاتمە سەر دەستشۆرکەکە. جاری وا بوو نەدەگەیشتمێ و قلپ بەسەر وڵاتدا دەمهێناوە.››

چاوت بە مەچەکی دەستی کەوتبوو، دەتگوت بازنەیەکی لە خوێن مەییوی لەسەر تاتۆ کراوە، قۆڵی کراسەکەیت لا دا.. بەئاستەم پەنجەی دەستت بەسەر مەچەکیدا سووڕاند، سەری داخست. حەزت دەکرد بە گاڵتەوە هاوار بکەیت؛ ئەها ئەوەش ئاسەواری کاتی خۆشەویستییە!

چاوەکانی بێ ڕۆحتر لە هەر بوونەوەرێکی زیندوویان نواندبوو، لە قسەکەت تەریق بووبوویەوە!

سەرت سووڕما؛ ‹‹دڕندەیی و شەوەزەنگی دەروونی مرۆڤ هەتا کوێ بڕ دەکات؟!››

وەک بتوانێت بیر و زەینت بخوێنێتەوە گوتبووی؛ ‹‹کاتێک... کاتێک ملم نەدەدا بە.. ئەرێ.. دەست و لاقمی بە سیم، کندڕ، یان هەرچییەکی وەگیری کەوتبایە دەبەستەوە و درزێوانە ددانەکانی لەسەر لەشم دادەگرت؛ ئەوجار ڕۆحی خۆت بۆ

کوێ دەبەیت؟! ئەوە ڕستەیەک بوو هاوکات لەگەڵ جووتبوونی دووبارە.. سێ بارە.. و ڕەنگە سەدبارەی دەکردەوە.. پاش بڕێک لە تەواوبوونی تێر جنێوی بە خۆی دەدا و سەرتاپێمی ماچباران دەکرد و داوای لێبووردن...»

نیگای لەرزۆکت لە مەچەکی دەستی بۆ جومگەی لاقی و لەوێوە بۆ دەموچاوی ساردوسڕی گواستبۆوە.

«وەک عادەتی خۆی باوەشی پێدا کردم، بێ هەستوخوست متەقم لە خۆم بڕی. پەنجەی هەردووک دەستی گرتم؛ بۆ دەڵێی دارەمەیتی؟ لە ئامێزم بگرە! وەک بپاڕێتەوە ئەوەی گوت. دەستمی لە دەوری خۆی ئاڵقە کرد، دەستەکانم لە کەمەری بەربوونەوە. بۆنی بە قژمەوە کرد، چەنەی کەوتە سەر جێی ددانی لە سەرشانم. جێ ددانەکانی ماسیبوو، ئێش بە هەناوم گەیشت، بێ درکاندنی تاقە وشەیەک پاڵم پێوەنا و لە ئامێزی دەرباز بووم... لە چاوترووکانێکدا خۆی لە هەموو جل و چەک و مۆبایل و کلیل و ... داماڵی؛ ئەو جلانە بخە نێو جلشۆرەکە!... و دەرگای حەمامی کردەوە؛ دەچم ئاوێک بە خۆمدا دەکەم.

لە ئاستە خۆم ڕاوەستابووم. لەبیرم نایە، بیرم لە چی دەکردەوە و زەینم چی تێدابوو، هەر ئەوەندە دەزانم دەنگی بە چەند جار لە گوێمدا دەزرینگایەوە؛ ئەوجار ڕۆحی خۆت بۆ کوێ دەبەیت!؟ هەستێکی نامۆ بوو و بۆ لای چەکەکەی ڕاکێشام.. شێواو و دوڕدۆنگ دەستم بۆ چەکەکە برد.. بەر لەوەی هەڵیگرم، خۆفێک چنگی لە دڵم قاییم کرد، ئازای ئەندامم وەلەرزین کەوت.. تۆزێک کشامەوە، گوێم هەڵخست.. هێشتا ئاوەکەی بەر نەدابوو.. ڕەنگە هێشتا لەبەر ئاوێنەی ڕووشۆری ڕەختکەنەکە چاوی لە دەموچاوی خۆی دەکرد و لە گنج و لۆچی نێوچاوانی ورد دەبۆوە.. گەڕامەوە.. تێ مابووم.. هەڵیگرم، یان وازی لێ بێنم، کە زەنگی مۆبایلەکەی نێوک و دڵی خستم.. سەری هێنا دەرێ؛ بزانە کێیە؟ مۆبایل دەنگی زەنگی تەواو بووبوو.. من هەر لە جێی خۆم چەقیبووم و ئەویش بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەکردم، کە دیسان مۆبایلەکەی زەنگی لێ دا؛ ناڵێم بزانە کێیە؟ داوەشێی چ ژنێکی، بۆ دەڵێی بە دار لە سەریان داوی؟ هەر وا بەڕووتی هاتە دەرێ؛ دا بێنە.. چاوی لە شاشەکەی کرد و گوێم لێ بوو لەگەڵ پەیامنووسینەکە، دەیگوت جارێ دەستم گیراوە، دوایە خۆم زەنگت بۆ لێ دەدەمەوە.. هەر وا بەبێ جووڵە چاوم لەسەر چەک و مۆبایل و شتەکانی سەر مێزەکە بوو، گوتی؛ دا خاولییەکەم بۆ بێنە.. هەناسەیەکی قووڵم هەڵمژی و هێشتا نەمدابۆوە دەرێ.. دەنگی بەرزتر کرد؛ چیتە بۆ شڵەژاوی؟ ناڵێم ئەو خاولییەم بۆ بێنە؟ وەک وا پێشان بدەم سەرم لەگێژەوە هاتووە، دەستێکم بە نێوچاوانمەوە گرت.. هەر وا چاوی تێ بڕیبووم.. پڕم بە جلەکاندا کرد و خستمنە سەر دەستم... دەستم بۆ ڕاداشت، ئەوانە لا دەبەم و بۆت دێنم.. بڕۆ جارێ خۆت بشۆ.. ڕەنگە دڵی خەبەری پێ دابوو، وا بە دوودڵییەوە بۆ چرکەساتێک ئێستێکی گرت و سەیری کردم، پاشان چۆوە حەمامەکە و دەرگاکەی پێوە دا.. بەبێ ئەوەی دەسەڵاتم بەسەر خۆمدا بشکێ، سەرنجم کەوتەوە سەر چەکەکەی.. جلەکان لە دەستم بەربوونەوە، گوێم لە خوڕەی ئاوەکە بوو..»

کوتبووی؛ «دەزانی مرۆڤ بوونەوەرێکی سەیروسەمەرەیە؟ خۆی پێ لە هەموو بوونەوەری دنیا پێ بەهێزترە، کەچی بە هەموو توانایی

خۆیـەوە لـە ئاسـت ئاسـنەواڵەیەکی وەهـا چکۆلـە چەنـدە زەبـوون و ترسـنۆکە!››

گوتبـووت؛ ‹‹ئەگـەر ئـەو ترسـە نەبایـە، کـێ دەڵـێ تـا ئێسـتا ئێمـەش وەبـەر تۆڵـەی یەکـەم تووڕەیـی دەوروبەرییەکانمـان نەکەوتبوویـن و مابوویـن؟››

وەک قسـەکەت بـۆ پەسـەند بـکات ملـی بـۆ لەقاندبـووی.

‹‹بـە جیـڕەی دەرگاکـەڕا، بـە چـاوی بەسـتراو لەبـن کەفوکوڵـدا گوتـی؛ تـازە هـەر لێـرەی لفکەیەکیشـم بـۆ لـە پشـتم بدە! دەست و دەنگم وێکـڕا کەوتبوونـە لەرزیـن، بـەزۆری هێـزم وەبـەر خـۆم دا، هـەر لە چوارچێوەی دەرگای ڕەختکەنەکە سـێرەم لـێ گـرت، حەمامەکـەم تەنگەبەرتـر لـەو دوو مەتـرەی مـەودای نێوانمـان هاتـە بەرچـاو، لـە بێدەنگیـم ڕاچڵـەکا و خێـرا دەسـتی وەبـەر ئاوەکـە گـرت و شـڵپێکی بـە دەموچاویـدا کـرد، ڕێـک سـینگیم نیشـانە گـرت، کەفـی سـەری وەک شـیری هەڵچـوو بـە نێوچاوانیـدا دەهاتـە خـوارێ، وەک عیزرائیلـی بینیبێـت، ڕەنگـی گـۆڕا، چـاوی لـێ زەق بـوو، وە پڵتەپڵـت کـەوت؛ ئـەوە... بـۆ گاڵتـە... نابـێ... گیانەکـەم... بەتەمـای چیـت؟... لای... بـە!... ددانـم، ددانـی نەدەگـرت... زانیـی زۆر لـەو زیاتـر ترسـاوم... گێـژ و حـۆل ڕاوەسـتابووم، ویسـتم بـۆی فـڕێ بدەمـەوە.. بڵێـم گاڵتـە بـوو.. مـن پیـاوی کوشـتن نیـم... کـە بەئەسـپایی لاقـی لێـک ترازانـد و دەسـتی ڕاداشـت لێـم وەرگـرێ.. چرکـەی پەلاپیتکـە لەژێـر قامکمـدا؛ یـەک... دوو.. سـێ... چـوار... پرژانـی خوێـن بەسـەر کاشـییە سـپییەکاندا.. کەوتنـی کاژەڵایـی سـەری بـە دیـواری حەمامـدا، زرمـەی لـێ هەسـتاند. خوێـن... دەتگـوت ژوورێکـی بـە پـەردەی سـوور داپۆشـراوە، خۆیـن شـۆڵاوگەی بەسـت و قوڵـپ دەچـۆڕاوە نێـو کونـی ئاوەڕۆکـە... هاوارێـک لـە سـینگیدا و تەنـوورەی خوێنـاو لـە زارکـی ئاوەڕۆکـەدا لرفەلـرف پەنگـی دەخـواردەوە، خوێـن... خوێـن... خوێـن...››

ڕەنگـی زەردتـر لـە پێشـوو؛ ‹‹خوێنـاوی تێکـەڵ ئـاوەڕۆ بـوو.››

بـە هـەردووک دەسـتی تونـد بناگوێـی گـرت. چـاوی تـێ بڕیبوویـت.